

د.ئازاد حەمە

ئێدگار مۆران Edgar Morin(1921) بیرمەندی دیاری ئەمڕۆی پاریسە و جگەلە فەلسەفە، بایەخ بە بیۆلۆژی (زیندەوەرناسی)، فیزیا، زانستی زمان و کۆمەڵناسیش دەدا. لەماوەی جەنگی جیهانیدا لە لەشکری سەربازیی فەرەنسا پلەداربووە و کارە سیاسییەکانیشی بەزۆری لەناو ئەو جۆرە پارتە سیاسییانە پیادە کردوە، کە چەپڕەو بوونە و لەلایەک دژایەتی ستالینیزمی کردوە و دواتر تێشکۆشاوە دژ بە داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە. مێتۆد یەکێکە لە کتێبە هەرە ناسراوەکانی، کە تائێستا شەش بەشی لێنووسراوە (سروشتی سروشت، ژیانی ژیان، ئاگای ئاگای، ئایدیاکان، مرۆی مرۆی، ئێتیکی ئاڵۆز) و تێکڕای بایەخە جیاکانیشی لەم کارە فەلسەفییە گەورەیەیدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە .

ڕایەڵ ٧
گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٢) کانوونی دووەمی ٢٠١٤

# زانین و بیری نادادە لە ڕوانگەی ئێدگار مۆرانەوە

بەپێیەوەی ئێدگار مۆران بیرمەند و کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرەنسییە و هزری فەلسەفی مۆران لە ئێستایا بەشێکە لە وتاری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی و ئەوروپایی و ئێزەکانی گەلێ بواری هزریش دەگرنەوە، بۆنموونە: فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستی زمانزیندەوەرناسیفیزیا و تیۆری سیاسی، داکۆکیێ زۆر لە بیری زانستی و راسیۆنالی و ئێپستمۆلۆژیای هاوچەرخیش دەکات و پێشیوایە ئێپستمۆلۆژیای هاوچەرخ لەچاو ئێپستمۆلۆژیای نەرێتی، زۆرتر لەگەڵ باری زانستی سەردەمدا رێدەکدا و لەو بەرهەمە مەزنە فەلسەفییەش کە بەچەند بەش لەژێرناوی»مێتۆد» کاری لەسەر دەکات گەلێ لایەن، کە تایبەتن بە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخەوە، دەخاتە بەرباس و قسەیخۆی لەبارەی باشە، خراپە، نایەقین و چەندین دیاردەی تر کە پێوەندی بە چارەنووسی زانستی نوێوەیە، راڤە دەکات. داواشدەکات زانستی نوێ بتوانێ خۆی لەگەڵ چەمکە نوێکان وەک: نوێسازی، ئەفراندن، نارێکی، نایەقین، نابەردەوامی، ناپایانی، ئاڵۆزی و.. بگونجێنێ، کەوابێ ئاگای هزری رۆژئاوایی گرنگی بۆ شیکردنەوە فەلسەفییە ئێپستمۆلۆژییەکانی مۆران هەیە و ئەو گۆڕانەش لە جیهانی هاوچەرخدا روویداوە، مۆران وتەنی ناسنامەی مرۆییمان دەگۆڕێ..بەواتاییەکی تر، ئەوەی کە مرۆڤی هاوچەرخ بووە بە هەڵگری ناسنامەیی نوێ، ئەمە بەبۆچوونی مۆران بەرهەمی ئێپستمۆلۆژیای نوێیە، نەک شتێ تر.

بۆئەوەی لە گەشتیی فەلسەفی، یان بیری ئێپستمۆلۆژی ئێدگار مۆران بگەین، پێویستمان بەوەیە لەوە حاڵیبین ئەم بیریارە پاریسیە چۆن تەماشای خودی زانین دەکا، ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە، مۆران لەو کتێبەی بەناوی «حەوت زانینە ئاڵۆزەکە بۆ پەروەردە لە ئایندە دا» نووسیویەتی قسەی جدی لەسەر زانین و پەروەردە دەکا کە بەباوەڕی مۆران مانای بۆ ژیانی نوێ هەیە. بەرنامەی دانانی کتێبەکە بۆ دەستەبەرکردنی

ئامانجێکە لەپێناو زانـیـن و پەروەردەی سەردەم، کە ئەوەش بێئەندازە بۆ ریفۆرمی هزری لەئێستادا پێویستە. ئەوەی ئێدگار مۆران نیازیەتی بەهۆی گفتوگۆی ئایندەی فەلسەفەوە بەرنامەڕیزی بۆ بکات، ئەو جۆرە زانینەیە کە جێی سەرنج نەبووە، یان لەبەرچاو نەگیراوە و کارکردنە بۆ ئاوڕدانەوە لـەو شـێـوە زانـیـنـەی پێویستە لە ئایندەدا گرنگیی بدرێتێ. بەبۆچوونی فەلسەفیی ئێدگار مۆران حەوت زانینە پێویستەکە بۆ پەروەردە لە ئایندەدا بریتین لەم زانینانە: دەستنیشانکردنی هەڵە و وڕێنە، پرەنسیپ لەپێناو زانینی گونجاو، فێربوونی دۆزی ئادەمیزاد، فێربوونی ناسنامەی دانیشتوانانی سەرزەوی، فێربوونی رووبەڕوو بوونەوەی هەڵاوگۆڕان و گومانەکان، فێربوونی تێگەیشتنی یەکتر، فێربوونی ئیتیکی ژێندەری ئادەمیزاد. هۆی ئەوەی ئەم زانینانە لەسەر دەستی مۆران گرینگییان دەدرێـتـێ، بۆئەوە دەگەڕێنەوە کە کەرتی فێربوون و پەروەردە ئاوریان لێنەدراوەتەوە و بەپێی پێویستیش کاریان لەسەرنەکراوە.

بۆ ئێدگار مـۆران گرینگە، هەڵگری زانینێکی سەرتاسەری بین و زانینیش لەخۆمان دانەبڕین، هەروەها ئەوەی گرنگە تێگەیشتن نییە لە قوولبوونەوەی زانینی کەسی، بەڵکو لە زانینی ئەویتر. ئەمەو بەبۆچوونی مۆران مەرجە زانینمان لەسەر گۆی زەوی و کۆنتێکستەکانی مرۆڤایەتی هەبێ و ژیریی خۆشمان لا وەک جۆر وابێ. ئەڵبەتە ئاوڕ لەو لایەنانەش

**بۆ مۆران گرینگە ئێمەی مرۆڤی هاوچەرخ لەوە حاڵیبین کە پەیڤی ئاڵۆز ئاماژەیە لەسەر رارایمان، ئەڵبەتە لەسەر پەککەوتوویشمان لەوەی ناتوانین شتەکان بەجۆرێ سادە دەستنیشان کەین**

لە پەروەردە دەداتەوە کەلە ئێستادا بۆ ئەم ئەستێرەی ئێمە مانای خۆی هەیە. بەهۆی تێخوێندنەوەکانی مۆرانەوە لەوە حاڵیی دەبین ئەو پـەروەردەیـەی زانین دەگەیەنێ پەروەردەی نابینایە و بایەخ بەوە نـاداتێ پێویستە بزانرێ، چونکە ئەم جـۆرە پـەروەردەیـە توانای دەستنیشانکردنی نێواوخنی زانینی ئادەمیزاد و لەوە سەیرتر کەمی و گرفتەکانی ئەو زانینەی نییە. لێرە کێشەکە ئەوەشە کە پەروەردەی ناوبراو نازانێ ئەو شتە چییە هەڵە و وڕێنەیە. ئەو دەمـەی زانین یەقین بەرهەمدێنێ دۆگما بەسەر زانینا زاڵدەبێ و تێنەگەیشتن و توندڕەوی سـەروەر دەبێ، بۆیە مـۆران زانین لەوە دەخا یەقین دروستکەرێ. بەرهەمی زانین کە دەبێ بە یەقین هەڵە و وڕێنە شوێنی دەگـرنـەوە. بیریشمان نەچێ کە زانین بەبۆچوونی مۆران شتێ ئامادە نییە، بۆیە بۆئەوەی لـە زانـیـن بگەین، پێویستمان بـەوە دەبـێ بـەدواچـوونـی تێدا بکەین و لە سروشتی حاڵیبین. زانین، وەکیتریش، بۆ ئەوەیە کە وامانلێکا بتوانین رووبەڕووی مەترسییەکان ببینەوە. بۆ ئەوەی رووبـەڕووی هەڵە و وڕێنەکان ببینەوە، پێویستمان بەوەدەبێ لە زانینەکان بکۆڵینەوە، واتە مەرجە لە سروشتی زانین پشکنین بکەین تاوەکو بەو زانینە دەگەین پێویست و گرنگە، بۆ ئـەوەی زانینەکان روون و دیار بن دەشێ بکەوینە جـۆرە جەنگێکەوە، رووبـەڕوو بـوونـەوە لەتەک ئـەو زانینەی هەیە. ئەم بیریارە فەرەنسییە هاوکات جەخت لەوەشدەکات کە لە پـەروەردەدا پێویستمان بـەوەدەبـێ لـە تـوانـا زەیـنـی و عەقڵییەکانی مرۆڤ بکۆڵینەوە، هەروەها روونکردنەوەی مۆران بـۆ پرەینسیپ لەپێناو زانینێ گونجاو لەو تێگەیشتنەدا خۆی پووختەدەکاتەوە کە چۆن ئەو زانینە بخرێتەگەڕ توانای چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکانی هەیە. چۆن شیاوی لەبەردەم زانینەکاندا، یان جۆرە زانینێکا، بکرێتەوە توانای زاڵبوونیان بەسەر کێشەکانەوە هەبێ. بۆ مـۆران لەم حاڵەتەدا ئـەوەش جێیباسە چۆن بتوانین گەشە بە تواناکانمان بدەین، تا شوێنی خۆمان لەناو زانینەکانا دیاریبکەین. گرنگە فێری ئەوەش ببین، چـۆن دەکـاریـن پێوەندی لەنێوان بەش و گشتەکانا پێکدێنین

گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٤

و شتێ هاوبەش و گونجاوی لێ دروستدەکەین. یەکێکی تر لەو زانینانەی بۆ پەروەردە لە ئایندەدا پێویستە فێربوونی دۆزی مرۆڤە. ئەمەی پێیدەڵێن بوونەوەر پێکهاتەی ئاڵۆزە و ئێکەڵێکە لە بونیادی فیزیایی، مێژوویی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژی. بۆئەوەی ئەم پێکهاتەیە هەڵوەشێنرێتەوە پێویستمان بەوەدەبێ، بکەوینە ناو بواری پەروەردەوە. تاک، یان مرۆڤ، پێویستی بەم هەڵوەشانەوەیەیە، پێویستی بەمەیە تا لە ناسنامەی تاکێتی خۆی بگات، ئەڵبەتە لەپێوەندیش بێ لەتەک ناسنامەی تاکی ئەویتردا. ئەمە واتە مۆران دەکا باس لە دۆزی ئادەمیزاد بکات، هەروەها ئەوەش کە چۆن ئەم دۆزە دەکەوێتە ناو پەروەردەوە. سەرباری ئەوەی وترا مۆران سەرنج دەخاتەسەر لایەنێ تر لە ژیانی زانین ئەوەش پێویستیە بۆ فێربوونی ناسنامەی خەڵکی سەرزەوی. مۆران گازندەی ئەوە دەکات، کە چۆن چارەنووسی ئەو ئەستێرەی مرۆڤ لەسەری دەژی بۆ پەروەردە جێیباس نییە و یان ئەو ئەستێرەیە خاڵییە لە پەروەردە. مۆران داوای ئەوەشدەکات ناسنامەی دانیشتوانی سەر ئەستێرەکە بێ بەشوێن بایەخی پەروەردە. گرنگترین خاڵی مۆران تایبەت بە ئەستێرەی ئێستامان، ئەستێرەی هاوچەرخی مرۆڤ، ئاماژەی پێدەکا ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤی سەر ئەم ئەستێرەیەی ئێستا هاوچارەنووسین. مرۆڤەکانی ئەستێرەی ئێستا بەیەکەوە لەپێوەندیدان، بۆیە لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا یەکبەختن. هەرچی تایبەتە بە زانینی پێنجەمەوە ئەوەیە کە زانین و پەروەردە پێویستە رووبەرووی گومان و هەڵاوگۆڕانەکان ببنەوە، هەروەها ئەو گومانانەی زانستە سروشتییەکان دروستیانکردوە پێویستە پەروەردە لەخۆی بگرێ. واتە واتە پەروەردە بکرێ لەبەردەم گشت گومان و ناڕوونییەکاندا خۆڕاگربێ. لێ خاڵی شەشەم بۆ مۆران برێتییە لە پێویستیی فێربوونی تێگەیشتن و دەرک. تێگەیشتن و دەرک ئامانجە، بەس پەروەردە لەئێستایا خۆی لەم لایەنە بەدور دەگرێ. ئەستێرەی ئێستا پێویستی بە گەشەدان بە فێربوون و تێگەیشتنە، ئەمەش دەتوانێ لەیەکتر حاڵیبوون بسازێنێ و بناغەش بۆ پەروەردەی ئایندە دانێ. پەروەردەی ئایندەش پێویستە ئەو جۆرە پەروەردەیە بێ کە بکارێ هەموان لەیەکتر نزدیک بکاتەوە. ئەوەی پێوەندی بە دوا زانینەوە هەیە، حەوتەم زانین، کارکردنە لەسەر چۆنیەتیی فێربوونی ئێتیکی ژیندەری ئادەمیزاد. ئەم لایەنە ئەو ئێتیکەش دەگرێتەوە کە بە تاکەوە تایبەتە. واتە پێویستە ئێتیکی تاک بۆ پەروەردە، یان گەشەی مرۆڤ بەپێوەندی بە ئێتیکیەوە و سەربەخۆی تاکیش، لەبەرچاو بگیرێ.

وێڕای ئەوەی وترا، مۆران ئێهزرینی خۆی تایبەت بە زانین لە ئەماشاکردنەکانی بۆ بیر، بیری سەردەم، جیاناکاتەوە بۆیە لە کتێبی «دەروازە بۆ بیری ئاڵۆز» مۆران رەخنەی هزری، عەقڵی، نابینا دەکا و کاریش لەسەر خستنەڕووی هزری ئاڵۆز، ئەو هزرەی دەکارێ ناسنامەی جیهان بگۆڕێ دەکات، هەروەها ئەم کتێبە برێتییە لە خستنەڕووی ئیۆری پێکهاتەیی تایبەت بە هزر تا هزر و زانینەکان پێکەوە گرێدا و شیاوی لەبەردەم چۆنیەتیی بیرکردنەوەدا بکاتەوە. هاوکات ئەوی مۆران لەم نووسینەی پێشنیاری دەکا بۆ ریفۆرمکردنی زانینەکانمانە.کەوابێ بەهۆی ئەم کتێبەوە ئیۆرێکی تایبەت بە ئاڵۆزی پێشنیاردەکا. بۆ مۆران گرینگە ئێمەی مرۆڤی هاوچەرخ لەوە حاڵیببین کە پەیڤی ئاڵۆز ئاماژەیە لەسەر راراییمان، ئەڵبەتە لەسەر پەککەوتوویشمان لەوەی ناتوانین شتەکان بەجۆرێ سادە دەستنیشان کەین. ئەوی مۆران دەیەوێ بڵێ لە دەرگادانی کۆمەڵناسی و زانستی فیزیا یان زانستی هاوچەرخی رۆژئاوایە لەیەک کاندا. بۆ مۆران ئیشی هزرە رێگا لەبەردەم ژیانمانا ساناکا، مافی خۆشمانە داوا لە هزرمانکەین هەڵە و تاریکییەکان لابەرێ و ژیانمان رێکبخات و ئەو رێسایانەش بدۆزێتەوە کە کاریگەرییان بەسەر ژیانمانەوە هەیە. لەرێگای قسەکردن لە ئاڵۆزییەکان مۆران لە مەترسییەکانی ئەمڕۆ بەئاگامادێنێ. بەباوەڕی مۆران

گەورەترین کێشە کە سیستمی سادەکردن دروستیکردووە و ئائێستاش دروستیدەکا، ئەوەیە کە دەیەوێ لە جیهان بەجۆرێ سانا تێبگات. ئەمە کە رەفتاری نەریتی ئێپستمۆلۆژیای کۆن (نەریتی، کلاسیک) بووە لەگەڵ هزری نوێ کە هزرێ ئاڵۆزە، گۆڕاوئامێز، جۆراوجۆر و کراوەیە ناگونجێ. ئەوەی بۆ ئەم هزرە ئاڵۆزە گرنگە، دەستکاریکردنی جیهانە بەجۆرێ ئەو ئاڵۆزییە لە ناسنامەیدا پەنهانبێ. ئەم گۆڕانەش دەستەبەر نابێ گەر ئەو ئامرازانە نەگۆڕدرێن بۆ تێگەیشتن لە جیهان. ئەو ئامرازانەش دەگۆڕدرێن تەنیا لەرێگای پێکەوەکارکردنی گشت زانستە جیاکان (کۆمەڵناسی، کیمیا، وێژە، زیندەوەرناسی و..). ئەم بیریارە فەرەنسییە واشی بۆدەچێ تەنیا بەهۆی پێکەوە کارکردنی زانستە جۆراوجۆرەکان ئەو هزرە ئاڵۆزە دێنەسازاندن و بۆ ئێستای جیهان پێویستە

لەم نووسینەیدا مۆران بەئاشکرا جیاوازی لەنێوان ئێپستمۆلۆژیای کۆن و تازە دەکات. پێیوایە ئێپستمۆلۆژیای تازە سوود لە ئێپستمۆلۆژیای کۆن وەردەگرێ. ئێپستمۆلۆژیای کۆن زۆرتر ئێپستمۆلۆژیای سادەکردن و کورتکردنەوە و جێگیریسازی بووە. هەرچی ئێپستمۆلۆژیای تازەیە، پاش ئەو هەڵاوگۆڕانەی لە فیزیای کوانتی و ئێپستمۆلۆژیای سیستمی روویداوە وایکردووە پێویستی بە چوارچێوە و سیستم و فەلسەفەی نوێیە. کە ئەمانەش ئێپستمۆلۆژیای کۆن (نەریتی) پێیاشنانە بووە یان ئێپستمۆلۆژیای تازە کە ئێپستمۆلۆژیای کرانەوەی و رێکەوتئامێزی و هەڵاوگۆڕانە لەو ئاڵۆزییەوە سەرچاوە دەگرێ، مۆران داکۆکی لێدەکا، چونکە هەر ئەم جۆرە ئێپستمۆلۆژیایەیە بەجیهان دەوێرێ، کە دەتوانێ نوێنەرایەتی جیهانی نوێ بکات، واتە ئێپستمۆلۆژیای نوێ ئەو ئێپستمۆلۆژیایەیە کە مۆران بە ئێپستمۆلۆژیای ئاڵۆز ناویدەبات. تەنانەت ئەو جیهانەی مۆران مەبەستیەتی، هزری ئاڵۆز دەکارێ بیسازێنێ جیهانێ رێکەوتانە، ناسادە، دینامیکی، جۆراوجۆر و ناپایانییە. پێشیوایە کورتکردنەوەی جیهان لەناو بونیادی ترانسندنتالی و هەمەیی شاردنەوەیەتی لەناو دیدی ئایینی، یان رەوایەتی مێژوویی یاخود تازەگەری. بۆ مۆران ئەم لایەنە دەبێتەهۆی شێواندنی روخساری جیهان دواتر بەجیهانیکردنی ئەم شێواندنەش کۆتایی دێ. بەپێی ئەزموونی روناکبیری و ئەکادیمیی مۆران بێ، لەئێستادا ئۆنتۆلۆژیانە، لۆژیکییانە، ئێپستمۆلۆژیانە، ئەنترۆپۆلۆژیانە،



مورین

کۆمەڵایەتیانە و سیاسییانە سیستمی ساناکردن زاڵە. لەمبارەوە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا، کە ئەم سیستمە ئۆنتۆلۆژیانە لەسەر بناغەی ستاتۆسێ داخراو و نەمر و کۆک و نەگۆڕ وەک ماهیەت، ناسنامە، هۆکار، خود و بابەت دامەزراوە. ڕێڕەوییانە لەسەر بناغەی ڕێڕەوی زانستی دامەزراوە، کە ئامانجی کەمکردنەوە بووە ئەڵبەتە بەجۆرێ کە چەندایەتیی ڕیشەی ئەم سیستمەی پێکهێناوە. سیستمەکەش بەجۆرێ هاوتا کاردەکات کە شیاوی لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی ئیانییە. لۆژیکییانە کاری لسەر پاراستنی بەلانس کردوە نەک ناهاوتایی. ئێپستمۆلۆژیانە توانیویەتی ئەم سیستمە ڕۆڵێ چاودێریئامێزی ببینێ. هەرچی لایەنی ئەنترۆپۆ - سۆسیۆلۆژی و سیاسیانەی ئەم سیستمەیە ئەوەیە کە خۆی وەک سیستمی ڕۆژئاوای نیشانداوە کە ئەمەش ئیرۆسێنتریزمێکی دروستکردوە یەک ناسنامە و کولتووری مەڵبەندگەرا کردووە. مۆران جەخت لەوەدەکا کە سیستمی ساناکردن بەشێکە لە ئاتاگای هزری هاوچەرخی ڕۆژئاوایی. ئەم ئاتاگاییە وتاری نیۆری و ڕێڕەوی ڕۆژئاوای پیادەکردووە و ناسنامە و شێوازیشی پێکهێناوە. لێرەوە مۆران کار بۆ دامەزراندنی ئۆنتۆلۆژی، لۆژیک و ئێپستمۆلۆژیایەکی نوێ دەکا، کە لەسەر بناغەی سیستمی ساناکردن یان هزری هاوتا و جێگیر و هەمیشەی کارنەکا، بەڵکو لەسەر بناغەی سیستم و هزری ئاڵۆز و بگۆڕ و ناکۆک

**مۆراندا وێنەی چاکمان لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای بەربەریەتی مرۆی بەرچاوەدەخا و ئەو هۆمانیزمەش (مرۆڤگەرایی) ڕاڤە دەکات لە ئەورووپادا نەشونمایی کردووە**

کاربکات. بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی مۆران ئێستامان پێویستی بە هزری، ئینیکێ هزری، ئرە بۆیە پێشنیاری چاککردنەوەی هزری ئێستا دەکا، چاککردنەوەکەش لەسەر بناغەی ئاڵۆزکردنی ئەم هزرە، لادانی لە سانابوون، خۆی نمایشدەکات. بەمجۆرە هزری ئاڵۆز ئەو هزرەیە بەجۆرێ چڕ کاردەکا. هزری لەم شێوەیە تەنیا بەری هزری تاکە بیرمەند و زانایەک نییە، بەڵکو بەری هزری کولتوور و شارستانیی دیاریکراوە. ئەم هزرە کە توانای تێگەیشتنی لە جیهان زۆرە کۆی گشت دید و وێناکردن و ئێرامانە فەلسەفی و زانستی و ئێپستمۆلۆژییەکانە. هزری ئاڵۆز، بەپێی بینینی فەلسەفەی مۆران، پێویست دەکا بەجۆرێ کار بکا، کە خاڵی کۆکردنەوەی نێوان سانا و ناسانا، نەگۆڕ و گۆڕاو، ئاک و فرە، بەردەوامی و دابڕان بێ. بەمجۆرە مۆران لەو سیستمی ساناکردنە دەدا هزری ئاڵۆز دوژمنایەتی دەکا. گەر داڕشتنە ساناکانی زانین ئەوی هەیە، واتە واقیع، دەشێوێنن، کە نابینای لەبری ڕوونکردنەوە دروستدەکەن بۆ مۆران لەم حاڵەتە پرسیارەکە ئەمەیە: بۆ ساناکردن شوێنی ئاڵۆزکردن بگرێتەوە؟ ئاڵۆزکردن دەتوانێ شوێنی ساناکردن بگرێتەوە کاتێ ئاڵۆزکردن کار لەسەر گەیاندنی زانینەکان دەکا و باوەڕی بەوەش نییە، کە ئاک زانستی بتوانێ بۆ زانین، بۆ هزری ئاڵۆز، سەرچاوەبێ. هزری ئاڵۆز کۆی هزری گشت زانینەکانە. لەم بارەیەشەوە تێگەیشتنێکی ئەدورنۆمان بەنموونە بۆ دێنینەوە کە « هەمەیەتی ناڕاستییە».

ئەوەی کە زۆر جێی ئێرامانە لێرە ئاییەت بە هزری ئەم هزرەڤانە پاریسیە ئەوەیە کە مۆران قسەی خۆی لەسەر شارستانی ئەورووپایش هەیە، ئەو شارستانییەی لاینەی بیری ئاڵۆزە. هەر لەبەرئەوە مۆران لە کتێبی«کولتوور و بەربەریەتی ئەورووپایی» لەچاو گەلێ لە ڕوناکبیرانی ئەورووپایی بەجۆرێ جیا قسە لە مێژووی کولتووری ئەورووپایی دەکات و ئەو کەموکوڕی و ناڕێکییانە بەرچاوەدەخا، روون و دیار نیین. کتێبەکە برینییە لەو سێ سمینارەی لە کتێبخانەی نیشتیمانیی فرانسوا مێتێران لە ساڵی 2005 خوێنراونەتەوە و تیایانا ڕۆشنایی دەخاتەسەر گەلێ لایەنی تاریک

و نادیاری کولتووری ئەورووپای هاوچەرخ. لە سەرەتای نووسینەکەی مۆراندا وێنەی چاکمان لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای بەربەریەتی مرۆی بەرچاودەخا و ئەو هۆمانیزمەش (مرۆڤگەرایی) ڕاڤە دەکات لە ئەورووپادا نەشونمایی کردووە، بۆئەوەی ئەم وێنەیەش تۆکمە و پڕ بێ لە دۆزی مرۆی شارستانیە کۆنەکانی ئەورووپا (یۆنانی و ڕۆمانییە)وە دەستپێدەکا تا دەگاتە سەردەمی نوێ، سەردەمی دروستبوونی نەتەوە نوێکانی ئەورووپا (وەک ئیسپانیا، پورتوگال و..)، بەپێی ئەو ئەنترۆپۆلۆژیایەش بێ، مرۆڤی بیرکەرەوە توانای دروستکردنی وڕێنە و دەبەنگی هەیە، مرۆڤی داهێنەریش توانای ئەفراندنی دونیایەک ئەفسانەی هەیە، دەکرێ مرۆڤی ئابووریش مرۆڤی یاری و زێدەڕۆیی (نائابووری)و بەرخۆری بێ (واتە زیاد لەپێویست بەکاربەر). مۆران ئەم سێ مرۆڤە پەسەند ناکا و پێیوایە تلیاکی (antidote تریاق) دەبەنگی لە هزر و عەقڵ دایە. ڕەخنەی لە بیری زانستی و ڕاسیۆنالیش دەگرێ کە چەند زانست و تەکنیکی بەرهەمهێناوە، ئەوەندەش ئەفسانە و خورافیاتی بەرهەمهێناوە، کەواتە مرۆڤ تەنیا بیرکردنەوە عەقڵانییەکان بەرهەمناهێنێ، بگرە بیرکردنەوەی نازانستی و هێمای ئایینیش بەرهەمدێنێ. واش باس لەو بیرکردنەوە جیاوازانە دەکات، کە بەشێکن لە کولتووری مرۆڤایەتی. تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات گەلێ لەو بیرکردنەوانە

**مۆران پێیوایە بەشێ لە هێرش و دۆزینەوەکان (وەک دۆزینەوەی ئەمریکا) دوو دەسکەوتی دژەگەرایانیش هەبووە: لەلایەک ئەو ناوچانەیان لە کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیزم ڕزگار کردووە و لەلایەکی تریش خودی**

لە دروستکردنی بەربەریەتیشدا بەشدارییان کردووە. ئەم مرۆڤەی مۆران باسیدەکات، مرۆڤێ ناکۆکە و ئەمەش لەسەرێترەوە هێمایە لەسەر ئاڵۆزیی پێکهاتەی ئەو مرۆڤە بەربەریە ئەورووپاییەی مۆران ڕاڤەیدەکات. بەپێی خوێندنەوەی مۆران بەیەکا چوونێک لەنێوان شارستانی و بەربەریەتدا هەیە و ئەمەش وایکردووە ئەرورووپا گشت جۆرەکانی بەربەریەت تایبەت بە کۆمەڵگە مێژووییەکان تاقیبکاتەوە وەک: کۆیلایەتی، دەمارگیری ئایینی، ڕەگەزپەرستی، کۆلۆنیالیزم و پاکسازیی نەتەوە بچووکەکان و نەرێتییان. مۆران کاتێ قسە لە بەربەریەتی سەدەی بیست دەکا لەوباوەڕە دایە بەربەریەتی ئەورووپای لە سەدەی بیستدا گەیشتۆتە لوتکە.

وێڕای ئەوەی وترا، مۆران لە نووسینەکەیدا ئاماژە بە سێ جۆر کۆمەڵگە یان شارستانی دەکا کە ئەزموونیان لە نەشونمای ڕەفتاری بەربەری هەیە. یەکەم کۆمەڵگە کۆمەڵگەی سەرەتاییە کە شێوازێ سادە ژیاوە و خۆیخۆی ژیاندوە و ئامادش نەبوو زەوی ئەوانیتر داگیرکات، لێ ڕەنگە ئەزموونی شەڕی ناوخۆ ژیابێت. دووەم کۆمەڵگە، کۆمەڵگە هەرە کۆنەکانە، ئەوانەی لەسەر بناغەی یەکگرتنی برایانە و هاوپشتێتی کاریکردووە کە کەمتر دوژمنگەرا و بەربەریبووە. ئەم جۆرە کۆمەڵگانە دواتر شارستانییە گەورەکانیشیان لێ‌ڕسکاوە. هەرچی سێهەم کۆمەڵگەیە ئەو کۆمەڵگانەیە مۆران بە کۆمەڵگەی مێژوویی ناویان دەبا کە خۆیان لە دروستکردنی دەوڵەتدا بەرجەستە کردووە و هێرش و شەڕی جۆراوجۆریش ژیاون ئەمەش بۆئەوەی ژیانی خۆیان دابینکەن. ئەگەرچی ئەمجۆرە کۆمەڵگانە بە ئەزموونی بەربەریدا تێپەڕیون لێ توانیوشیانە گەشە بە ژیانی کولتووری بدەن. وەکیتریش مۆران دەست بۆ ئەو لایەنانەش لە شارستانیە کۆن و تازەکانی ئەورووپا رادەکێشێ، کە مانای لە درووستکردنی رووی کولتووری شارستانیەکانا دیوە. وەک هەمیشەش مۆران دوو لایەنی جیا و ناکۆک لە گشت شارستانیەکاندا دەبینێتەوە، کە توانای پێکەوە ژیانیان هەبووە: لایەنی زانستی راسیۆنالی و لایەنی ئەفسانەیی و هێمایی.

ئەوەی زۆر جێی سەرنجە

لەم بەرهەمە فەلسەفییەی مۆران ئـەوەیـە، کـە ئـامـاژە بـۆ چەند تلیاکێ دەکـا کـە بەبۆچوونی مۆران لە هۆمانیزمی ئەورووپای بنجبەستە و سەرەتاکانیشی بۆ رێنێسانس دەگـەڕێـنـەوە، بەس ریـشـەی لـە مەسیحیگەرایی و جووگەرایی داکوتاوە، ئەگەرچی، خۆی وتەنی، بیریاری چیکی یان پاتوچکە وای بۆدەچێ ریشەی هۆمانیزمی ئەورووپای یۆنانییە. بەپێی ئەو ئایینگایانە بێ مۆران باسیدەکا، مـرۆڤ وێنەیەکە لە یەزدان کە دواتر وێنەی یەزدان لە مرۆڤدا بەرجەستەدەبێ. لێرەوە شتێ بەناوی مرۆڤی ئەورووپای یان چاترە بڵێین ئەنترۆپۆسێنتریزم (چەقگەرایی مـرۆڤ) دروستبوو کە ئەمەش دواتر جۆرە شێتی و غرورێکی دروستکرد. کاتێ مۆران هەندێ روخـسـاری ئـەم مرۆڤە نوێیەمان بۆ دەستنیشان دەکا هێما بۆ ئەوە دەکا، کە چۆن ئەم مرۆڤە ئەورووپاییە خۆیدەکا بە سـەروەری سروشت کە ئەمەش دواتـــر وێـرانـکـردنـی سروشت و پیسکردنی ژینگە هەروەها تێکدانی ژیـانـی لـێـکـەوتـەوە، بەڵام هەر ئەم مرۆڤە رێزگرتن لەویتر و بایەخدان بە مرۆڤی، وەک بـــوونـــەوەری سەرەکیی ئەم ئەستێرەیە، کرد بە هێمای سەرەکی بۆ بینینەکانی. بەس رەخنە لەم مرۆڤە ئەورووپایەش دەگرێ کە چۆن بەشێ لە نەتەوە و کۆمەڵگەکانی ژێـردەسـت و پـەراوێـزکـردوە و وەک بەشێک لەخۆی نابینێ. هێرشکردنە سەر هۆمانیزمی ئەورووپایی بۆ مۆران پێدەچێ دوو لایـەن شیکاتەوە: لـەلایـەک چـۆن ئـەورووپـا خۆی دەکات بە چەق و لەلایەکی تریش چۆنیش دەبـێ بە سەرچاوە بۆ هۆمانیزم (بۆ نموونە: بیری ئازادی و رزگـاریـخـوازی بەشێکن لەم هۆمانیزمە). هاوکات مۆران پێیوایە بەشێ لە هێرش و دۆزینەوەکان (وەک دۆزیـــنـــەوەی ئەمریکا) دوو دەسکەوتی دژەگەرایانیش هەبووە: لەلایەک ئەو ناوچانەیان لـە کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیزم رزگار کردووە و لەلایەکی تریش خودی دۆزینەوەکان بەشێکن لە هێرشێ دڕندانە و بەربەریەتی ئەورووپایی. وەکیتریش مۆران ئـەم لایەنە بە جیهانگیرییەوە گرێدەدانەوە، کە سەرەتاکانی بە هێرش و دۆزینەوەکان دەستی پێکردووە و دواتر دێتەسەر جۆرێ تـر لـە جیهانگیری کـە ئـەوەش بە چوار باڵ دەجوڵێ: زانست، تەکنیک، ئـابـووری و قـازانـج. هـــەردوو لایەنەکەش لە هزری فەلسەفی مۆران ئەو بەربەریەتە ئەورووپاییانە پێکدێنن کە تێکڕای نووسینەکەی داگیر کـردووە. بۆ لێدانی ئەم بەربەریەتەش مۆران داوای هۆمانیزمی ئـەورووپـای نـوێ دەکـات. ئـەم هۆمانیزمە، کە پێویستە خۆی لە هۆمانیزمە کـۆنـەکـە جـیـاکـاتـەوە مـەرجـە گەردووناوی (کۆسمۆپۆلیتی) بێ و دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکاندا بهێنێ، بۆئەوەی ئەمە بکا، گرنگە خوێندنەوەی بۆ وتاری رێنێسانس، دواتر ئەو وتارەش هەبێ. تەنانەت مۆران هێرۆشیماش وەک بەشێ لە بەربەریەتی ئەورووپایی دەزانێ.

**سەرچاوەکان:**


1. Edgar Morin. Seven Complex Lessons in Education for the Future. Unesco. 2001.
2. Edgar Morin, Culture et barbarie européennes, Éditions Bayard, Paris, 2005.
3. Edgar Morin. On Complexity (Advances in Systems Theory, Complexity, and the Human Sciences). Hampton Press. 2008.
4. Stephane Hessel & Edgar Morin. The Path to Hope. Foreword by Jeff Madrick. Translated by Antony Shugaar. Other Press; Tra edition. 2012.




له عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

# مێژووی فەلسەفەی سیاسی

## لەسەرددەمی یۆنانەوە تا ئەمڕۆ

Understanding the philosophers political
From ancient to modern times alan Haworth
Routhedge – London , 2004 p. 304